ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

## هزر



# تۆپی پێ و فەلسەفە/ ئارسناڵی نیچە

دەیڤید کیلپاتریک

وەرگێڕانی شۆڕش غەفووری

هزر
ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١
jineftin.krd

**پوخته:**

ڕەنگە لەسەر خوو و ڕەوتار و تێهزرینەکانی، کەس (فردریک نیچە - Friedrich Nietzsche) بە لایەنگری وەرزشە گشتییەکان نەزانێت، بەڵام ئاخۆ دەکرێت تۆپی پێ بە یارییەکی تاکی هەژمار بکەین؟ دەیڤید کیلپاتریک لەم وتارەدا لە هەوڵی نیشاندانی ئەوەیە کە ئەگەر نیچە لە سەردەمی تۆپی پێی بوایە، عاشقی دەبوو! کیلپاتریک بە توێژینەوەی هەڵبژاردە و یانە جیاوازەکان گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە "نیچە دەبووە هاندەری تۆپچییەکانی لەندەن".
ئایا دەکرێت لە ڕوانگەی نیچەوە، تەماشای پێکهاتەی یانەی ئەرسناڵ بکەین؟
وەڵامەکەی دەیڤید کیلپاتریک(بەڵێ)یە.

***

ڕێک پاش ئەوەی نیچە گوتی "خوا مرد"، شەیداییکی نیچە دەپرسێت: "چ یارییەکی پیرۆز دابهێنین؟" ئەگەر خوا مانا بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت و دینێکی تەیار بە سیستەمێکی ڕەخنەگرانەی هاوبەش خەڵکی یەک دەخات، ئەوا پێویستە ئەم لەدەستدانە قەرەبوو بکاتەوە. سەرەڕای شرۆڤەیلی جیاواز لەبارەی مەبەستەکەی نیچە بۆ بەنێوبانگترین ڕستەی کە بۆ یەکەم جار و لە ساڵی (١٨٨٢) و لە کتێبی (حیکمەتی شادان) بڵاو بووەوە، ئێستا ئیتر ئەوە بە ڕاست گەڕاوە کە لە ڕێنوێنیکردن و ئاراستەکردنی ژیانی زۆرینەی خەڵکی، چیتر مەسیحیەت گرنگترین ڕۆڵ ناگێڕێت. ئەوڕۆکە کڵێسەکان جێگەی خۆیان داوەتە یانە و ستادیۆمەکان. لە چوارچێوەی وەرزشدایە کە ئەنجوومەنی حیکایەت و گێڕانەوەی هاوبەش دروست دەبێت، لە گۆڕەپانی تۆپی پێیە کە قارەمانە هاوچەرخەکان دروست دەبن و دەپەرسترێن. تۆپی پێ، لە هەر وەرزشێکی دیکە، ئەو دیاردە جیهانییە کە بە تەواوەتی لە ژیانی مۆدێرن جێگەی دینی گرتووەتەوە.

وا دەگوترێت کە ڕەگ و ڕیشەی ئەفسانەی تۆپی پێ بۆ سەدەی نێوەڕاست و کۆنتریش دەگەڕێتەوە. (کۆجۆ - cuju)ی چینی، (کیمار - kemari)ی ژاپۆنی، (ئیپسکیرۆس - episkyros)ی یۆنانی، (هارپاسترۆم - harpastrum)ی ڕۆمی، (پیتز - pitz)ی مایانەکان و ئەو تۆپی پێیەی کە لەنێو کۆڵان و شەقامەلادێیانەکانی بەریتانیا ئەنجام دەدرا، هەموو ئەمانە وەک

پێشینانی ئەم یارییە جوانە ناسێنراون. ئەم هەوڵانە بۆ پێکەوەگرێدانی تۆپی پێی هاوچەرخ لەگەڵ ڕووکاری کۆنینەی وەرزشە لە ڕێگەی ئەفسانە و ڕیشەکانەوە و دەبنە هۆی ئەوەی مۆدێڕبوونی تۆپی پێ بە جوانی نەبینرێت و گەشە خێرا و جیهانییەکەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم زۆر گوێی پێ نەدرێت.

***نیچە*** لە ساڵی (١٨٨٩) لە شەقامەکانی **تۆرین** بە دەست شێتییەوە دەیناڵاند و قەت دەرفەتی ئەوەی نەبوو شاهیدی گەشەی چاوەڕواننەکراوی یاری مۆدێڕنی تۆپی پێ بێت. یەکەم یاسای یارییە نوێیەکە لە ساڵی (١٨٦٣) لە لایەن ئەنجوومەنی تۆپی پێ لە لەندەن کاری لەسەر کرا و تا ساڵی (١٨٩١) نەکرایە ئەڵمانی[١]. ئەنجوومەنی تۆپی پێی ئەڵمانیا، لە ساڵی (١٩٠٠) دامەزرا، ساڵێک پاش مەرگی نیچە، بۆیە ڕەنگە نیچە سەرەتاکانی گاگۆڵکێی تۆپی پێی بینیبێت. نیچە لە بەهاری ساڵی (١٨٨٨) چووە تۆرین، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە یەکەم یاری تۆپی پێ لەوێ و ساڵێک پێشتر ئەنجام درابوو. [٢] بەڵام ئەو قەت ستادیۆمێکی پڕ لە هەزاران هەواداری(جمهور) دەمارگیری نەبینی و نەشیدەتوانی پێشبینی ڕۆڵی سەرەکی تۆپی پێ لە ژیانی ملیۆنان مرۆڤی مۆدێڕن بکات، کەسانێک کە یاری بۆیان بووەتە دینێکی سیکۆلار، بووەتە ترپاکێکی بەکۆمەڵ کە زۆر بەهێز و نەشئەکەرانەترە لە هەر دینێکی نەریتی. بە تێپەڕینی سەدەیەک لە فۆرموولەبوونیان، تیم و یانەکانی تۆپی پێ لە هەر کڵێسەیەک و ئەستێرەکانیشیان لە هەر کەسێکی پیرۆزتر، هەوادار و سەرسپاردوویان بۆ خۆیان پەیدا کردووە. پیاوە دێوانەکەی نیچە، نەیدەزانی ئەو یارییە پیرۆزە داهێنراوە، پووچیەتی سەرچاوەگرتوو لە مەرگی خوا لە نێو دەبات.

## (دیۆنیسۆس -Dionysus) و تیم:

هەندێک جار ڕووبەڕووی ئەم مشتومڕە دەبمەوە کە نیچە نەیدەتوانی هیچ حەز و خۆشەویستییەکی بۆ وەرزشە تیمی و گرووپییەکان هەبێت، چونکە ڕۆحی ڕاستەقینەی نیچەیی تەنیا لە وەرزشە تاکییەکان دەبینرێت، بەت ایبەت لە وەرزشە زۆر مەترسیدارەکان. ئاخۆ ئەم ڕستەیەی کە گوا(***ئێرنێست هەمینگوای***) دەیڵێت: "تەنیا سێ وەرزش هەن: گاوێن (گاوبازی یا ماتادۆر)، ماتۆڕسواری و شاخەوانی، ئەوانی دیکە تەنیا یارین"، هەستی قارەمانپەروەریی نیچەیی ناگەیەنێت؟ دەزانین کە نیچە زۆر حەزی لە گاوێن بوو لە (نیس)[٣]، ئەو شوێنەی کە یەکەم

---

[١] David Goldblatt, The Ball Is Round, Penguin, 2006, p. 159

[٢] Goldblatt, p. 152

[٣] Curtis Cate, Friedrich Nietzsche, Overlook, 2005, p. 447

کێبەرکێی ترۆمبێلهاژووشتنی لە ساڵی (١٨٩٧) تێدا بەڕێوە چوو. کەوایە ترۆمبێلهاژووشتنیش وەک تۆپی پێ، پێش لە شێتبوونی نیچە ڕەونەقێکی وەهای نەبووە. حەزی ئەو بۆ شاخەوانی (یا بەلانی کەمەوە پیادەڕەوی)یش تەواو ڕاستە، کەوایە دەتوانین بێدوودڵی بڵێین کە نیچە دوو لەم سێ وەرزشەی قەبوڵ بووە و بە لانی کەمەوە گریمانەیەکی بەهێز هەیە کە هەوادار و پاڵپشتی ئەو وەرزشە تاکییانە بووە کە خاوەن هەستێکی مەترسیداری زاتین.

واپێدەچێت ئەو شتەی لە وەرزشە تاکییەکان شوێنی بەتاڵە، تەنگەژەی نێوان تاک و کۆمەڵە. کاتێک یاریکەر لەگەڵ ولاشی فەریقەکەی لە لایەن هەوادارانیانەوە چەپڵەباران دەکرێن، دەکەونە جەنگ لەگەڵ تیمەکەی بەرامبەریان. ئەم تەنگەژەیە ڕێک ئەو شتەیە کە نیچە لە یەکەم کتێبیدا (لەدایکبوونی تراژیدی)، بە واتای ئاپۆلۆنی و دیۆنیسۆسی قسەی لەبارەوە دەکات. ئاپۆلۆنی، بە ڕەچەڵەک تاکگەراییەکە کە بە باوەڕی نیچە لە تراژیدیای یۆنانییەکان بە ئازارکێشانی قارەمانەکان نیشان دراوە، لە بەرامبەردا دیۆنیسۆسی، یەکێتیی بنەما و لەدەستدانی نەشئەئامێزی تاکیەتییە کە لە تراژیدیای یۆنانییەکان دەخرێتە چوارچێوەی گرووپی کەڕەوە، گرووپێک کە وەک یەک کەس قسە دەکەن.

بە باوەڕی نیچە، یۆنانی کۆن ئەودەمەی توانی ئەم دوو ئاستی کۆتا ئاپۆلۆنی و دیۆنیسۆسییە لە تەنیشت یەکترەوە دانێت، گەیشتە بالاترین دەستکەوتی هونەری. ئایا نما و نیشانەیەک هەیە لە نمایشکردنی ئەم دوو ئاستە ئیفراتییە کە بەهێزتر بێت لەو ساتەی دەگاتە ئەنجام؟ یاریزانی گۆڵکەر، سەرکەوتنی تایبەتی خۆی بە خۆشی و شەوقەوە جێژن دەگرێت، شەوقێک کە لە ڕاراییە تایبەتییەکەی واوەتری دەبات و لە سەرچاوەی وزەی ژیانی مارە دەکات. ولاشەکانیشی بە کۆمەڵەکەیان ئەو شادییە جێژن دەگرن، ئاخر هەموویان لە گۆڕینی یارییەکە و گەیشتن بە گۆڵ ڕۆڵیان هەبووە و لە هەمان کاتیشدا هاوادارانی (ئەوانەی کە لە ستادیۆم یا لە شوێنە گشتییەکان و لە تەلەفزیۆنەوە یارییەکە دەبینن) جێژەکەیان هاوبەشی پێ دەکەن، یا بێهیواییەکەیان ئەگەر لە تیمی شکستخواردوو بن.

## تۆپی پێ وەک دیاردەیەکی جوانیناسی:

زۆرجاران تۆپی پێدا دەبینین کە سوود لە تاکتیکە نەرێنییەکان وەردەگیرێت، واتە تیمێک بەقەدەر ئەوەی هەوڵی بەرگرتن لە گۆڵکردنی تیمی بەرامبەر دەدات، هێندە هەوڵی گۆڵکردن نادات، یان گەر هەوڵی گۆڵکردنیش بدەن، ئەم کارە بە کەمترین ڕیسک ئەنجام دەدەن - لێدانێکی بەرز بۆ

هێرشبەرێکی چاوەڕوان کە هیوادارە سوود لە هەڵێکی غافڵبوون وەرگرێت و کارەکەی ئەنجام بدات ـ، لە کاتێکدا نیچە لە وتاری (هەڤرکێی هۆمێر) بە باشە قسە لەسەر کێبەرکێ و هەڤرکێکاری دەکات.[٤] و ئاراستەی چاوەترسیی سەرکەوتن لە یۆنانی کۆن تاووتوێ دەکات و هەندێک لە تاکتیکە قۆرەکانیان - قوربانیکردنی هەموو شتێک بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن بە هەر بەها و قیمەتێک - ئیحساساتی نیچە دەرەنجێنێت. کەوایە بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی بووناسییە بەنێوبانگەکەی لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدی): "تەنیا وەک دیاردەیەکی جوانیاسییە کە بوون و دونیا بە فۆرمێکی ئەبەدی ئاراستە کراون". بە بڕوای من، دەتوانرێت لە ڕوانگەیەکی نیچەییەوە تۆپی پێ تەنیا وەک دیاردەیەکی جوانیاسی باس و ئاراستە بکرێت. بە واتایەکی دیکە، نیچە تەنیا ئەو کاتە تۆپی پێ قبوڵ دەکات کە هونەرمەندانە ئەنجام بدرێت - بە شێوەیەکی زیرەکانە، ئەرێنیانە و خەیاڵاویانە - بە وەبەرچاوگرتنی هێز و توانای یاری بۆ جوانی.

## یانە لەبەرامبەر وڵات:

باشە ئەگەر نیچە حەزی لە تۆپی پێ بوایە، دەبووە هەواداری چ یانە و تیمێک؟
ئەگەر ئەو یانانە وەبەرچاو بگرین کە لە زێدی نیچە هەڵکەوتوون، (ئێف.سی بازل - FC Basel)، (نیس - Nice)، یا بە هۆی خۆشەویستیی بۆ (تۆرین - Turin)، (یوڤەنتوس - Juventus)، شتێک نامێنێتەوە بۆ مشتومڕ. بێگومان (خانمی پیر) ڕیکۆردی سەرکەوتنی لە دەستە کە لە ئیرادەی تێکەڵ بە هێزی مانەوەیەتی، بەڵام بۆ کەسێک کە خۆی بە (قەڵەندەر) هەژمار دەکات، نابێت "شوێن" فاکتەری دیاریکەر بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت لەنێوان (فەلسەفەی نیچە) و (فەلسەفەی تۆپی پێ) بەدوای لایەنە پێکچووەکانەوە بین.
بە ڕەچەڵەک و ئەشرافیبوونی (مانچێستەر یونایتد - Manchester United) بێت زۆر لە سیمبولگەرای مەسیحیەت دەچێت، بەڵام کەسێک کە بە دوای (ئەودیوی باشە و خراپە)وەیە قەت ناتوانێت هورا بۆ شەیتانە سوورەکان بکێشێت. شێوەی یاریکردنی (بارسلۆنا) لە ئاستی بەرزترین ستانداردی جوانیاسییە، بەڵام یانەکە زیاد لە پێویست بە ناسیۆنالیزمی کەتالۆنیاوە دەبەسترێتەوە. ئەوەندە بەسە سەیرێکی یانەکان بکەین تا گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم بیرمەندە ئاڵمانییە ڕەنگە لایەنگری تیمێکی ئەڵمانی بێت، چونکە نیچە ناسیۆنالیزم بە یەکێک لە کێماسییە گەورەکانی مۆدێرنیتە هەژمار دەکات. هەرچەندە سوودوەرگرتنی نازییەکان لە نووسینەکانی نیچە تەواو

---
The Portable Nietzsche, Penguin, 1959, pp. 32–39[٤]

گومڕاکەرانەیە. لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی یەکەم کتێبیدا چاوەڕوانی لەدایکبوونی دووبارەی ئوستوورەیەکی ئەڵمانییە، کەچی دە ساڵ دواتر لە (حیکمەتی شادان) و لە بەشێکی بە ناوی "ئێمە، ئەوانەی کە قەلەندەرین"، دەڵێت:

"ئێمە بە پێی پێویست نەکراوینەتە ئەڵمانی... تا لایەنگری لە ناسیۆنالیزم و ئاپارتاید بکەین و بتوانین بە هۆی نەتەوەگەراییەوە چێژ لە برینداربوونی دڵەکان و ژەهراوییبوونی خوێنەکان وەربگرین، ئەو شتەی ئێستا نەتەوەکانی ئەورووپا بەرەو ئاراستەی لە بەرامبەر یەک وەستان دەبا، وەک ئەوەی یەکتری کەرەنتینە بکەن."

جاری وایە نیچە خۆی بە "ئەورووپاییەکی باش" دەزانێت، بۆیە ویژدانی ناهێڵێت لایەنگری تیمێک بکات کە بە ناوی دەوڵەت-نەتەوەوە بە دوای سەرکەوتن و شکۆوەیە. لە باس و مشتومڕی (وڵات لەبەرامبەر یانە) بەڕێوەبەرانی تۆپی پێ لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێت یاریزان و لیگەکان لە خزمەتی فیدراسیۆنە میللی یا ڕێکخراوەکانی تۆپی پێدا بن و ئامانجی کۆتاییان بردنەوەی کێبەرکێ نێونەتەوەییەکانی وەکو جامی جیهانی بێت. بێگومان نیچە ئەم ڕووداوە نێونەتەوەییانەی ڕەت دەکردنەوە. لە بەشی یەکەمی کتێبی (وەها گوت زەردەشت/ چاپی ساڵی ١٨٨٣)، دەوڵەت بە "بتی نوێ" هەژمار دەکات کە عەزەمەتی بووەتە هۆی ئەوەی کە بپەرەستترێت. نیچە دەڵێت: "دەوڵەت ناوی ساردترینی هەموو دێوەزمە ساردەکانە و بە ساردی درۆ دەکەن. و ئەم درۆیە لە دەمیان دەردەپەڕێت کە (منی دەوڵەت، هەمان گەلم) ئەمە درۆیە"[٥] ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت جامی جیهانی، لە هەر ڕووداوێکی وەرزشی دیکە، ناسنامەی هەواداران بە تیمە میللییەکەیان دەدات و پەرەستنی ئەم بتە درۆیین و دێوئاسایە ئەبەدی دەکات. نیچە، یانەکە لە وڵاتەکەی بەرزتر دەزانێت.

## لە چاڕسکەرەوە تا گۆڵکار:

سەرنجدان بەم دۆخەی ئێستا، تیمێک هەیە کە وەک ئایدیاڵترین بژاردە و وەک یانە خۆشەویستەکەی نیچە خۆی نیشان دەدات: یانەی ئەرسناڵ لە باکووری لەندەن و پریمەرلیگی بەریتانیا. لەوەوە کە نیچە وەک تۆپچییەک لە سوپادا خزمەتی کردووە، ڕەنگە لەگەڵ وێنەی تۆپی سەر لۆگۆی یانەکە هەست بە نێزیکی بکات، بەڵام ئەوە ستایل و شێوەی یاریکردنی شکۆدارانەی ئارسناڵە کە یانەکەی پێ دەناسرێتەوە. ئەو شێوەیەی لە پاییزی (١٩٩٦) و بە هاتنی (ئارسن وێنگێر - Arsène Wenger) وەک ڕاهێنەر بۆ نێو یانەکە، فۆرموولە بوو. واپێدەچێت ئەم ستایل

[٥] نیچە، چنین گفت زرتشت، ترجمەی داریوش آشوری، نشر آکە، 1386، ص61

و شێوەی دەستکەوتنە لەگەڵ حەز و چێژی نیچە وێک بێتەوە. بەر لە هاتنی **وێنگێر**، یانەکە بە هۆی ڕەهەندی میکانیکی و ئەنجامەکانیەوە، بە درووشمی (ئارسناڵ جاڕسکەری جاڕسکەر) گاڵتەی پێ دەکرا، بە تایبەت لە سەردەمی ڕاهێنەری (جۆرج گراهام - George Graham/ وەرزەکانی ١٩٨٦)، ئەو دەمەی بەزۆری "یەک هیچ لە بەرژەوەندی ئارسناڵ" باشترین ئەنجامی خوازراو بوو. ئەمە بە هاتنی وێنگێر، خێرا گۆڕانی بەسەردا هات و ئەویش بێ یەک و دوو دەستی بە گۆڕینی فەرهەنگی یانەکە کرد.

هەروەک چۆن نیچە لە (**ئاوابوونی بتەکان**) پێداگری لەوە دەکاتەوە "بۆ زۆرێک لە خەڵکی و مرۆڤایەتی گرنگە فەرهەنگ لە چ شوێنێکی دروستەوە دەست پێ بکات... شوێنی دروست جەستە، ڕەفتار، ڕێجیمی خۆراکی و فیزیۆلۆژییە، ئەوانی دیکە لە دووی دێن"، وێنگێر بەر لە یەکەم یاری کە میوانی (بلاکبێرن - Blackburn) بوو، "داوای لە یاریزانەکانی کرد لە هۆتێل و بۆ نیو سەعات ئەو ڕاهێنانانە بکەن کە ماسوولکەکانیان بەهێزتر دەکات".[٦] نیو سەعات ڕاهێنانی ڕاکێشانی ماسوولکە، پێش و پاشی هەر یارییەک ئەنجام دەدرا و ڕاهێنانی خێراییش بە بەرنامەی ڕاهێنانەکانەوە زیاد کرا. وێنگێر کە پێشتر لە ژاپۆن ڕاهێنەری کردبوو، بە ڕەخنە بێپەردەکانی لە ڕێجیمی خۆراکی بەریتانیا، کۆمەڵگەی وەرزشی ئەو وڵاتەی تووشی شۆک کرد. لە یەکەم حەفتەی ڕاهێنەری خۆی لە باکووری لەندەن، گوتی: "وابزانم ئێوە لە بەریتانیا شەکر و گۆشتی زۆر دەخۆن و بەپێی پێویست سەوزەوات ناخۆن. من دوو ساڵ لە ژاپۆن ژیام و باشترین ڕێجیمی خۆراکیم لەوێ ئەزموون کرد. هەموو ژیان پەیوەندی بە سەلامەتییەوە هەیە.[٧] بۆیە نەریتی ستەیکخواردن بەر لە یاری و لەگەڵ گێزەری خام و کەرەوز، ماسی یا مریشک، هاڕدراوی پەتاتە و سەوزەی هەڵمپەز لەگەڵ ئاوی سێو (بێ هیچ شتێک) جێگەی شیرینی گرتەوە.[٨] لەگەڵ ئەوەیشدا فەرهەنگی خواردنەوەی مەشرووبەکان کە وەک شتێکی جێگیر لە مێنۆی خواردنی یاریزانەکان هەبوو، لابرا. یاریزانێکی کۆنەکاری وەک کاپیتان (تونی ئادامز) لەبەرامبەر ئەم ڕێگەیەی وێنگێر وەستایەوە و لە یەکەم کاردانەوەیدا گوتی: "ئەم فەرەنسەوییە چی لە تۆپی پێ

٦ Amy Lawrence, "How Wenger Changed English Football" Guardian Observer, 1st October 2006

٧ Evening Standard, 18th October 1998

٨ "The Arsenal Diet," BBC News website, 20th May 1998

دەزانێت؟ ئەو چاویلکە لە چاوی دەکات و وەک مامۆستاکانی قوتابخانە ڕەفتار دەکات"[٩]، بەڵام یاریزانەیلێکی وەک ئادامز زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە شێوازەکانی "مامۆستا" چ سوودێکیان هەیە. ئارسناڵ لە یەکەم ئامادەبوونی لە وەرزی (١٩٩٧ ـ ٩٨) بووە قارەمانی لیگ و جامی حەزفی، قارەمانیەتییەک کە بە دووبارە گیان وەبەرهاتنەوەی یاریزانە کۆنەکارەکانی بەریتانیا پێنج یاریزانی بەنێوبانگ: (دەیڤید سیمن ـ گۆڵچی، مارتین کئۆن، نیجل وێنتربرین، لی دیکسۆن و کاپیتان تۆنی ئادامز) و لەگەڵ یاریزانە کڕدراوە نوێیەکانی ئەوروپا (مامۆستای هۆڵەندی دنیس بێرگ کەمب لەگەڵ کرینە سەرەکییەکانی وێنگێر واتە پاتریک ویرا، مارک ئۆرمارس و ئیمانوێل پتی) هاتە دی. ئەم ڕێکخستنی یاریزانە کۆن و تازە دۆزراوانە زۆر زوو گونجان و، نیشانیان دا نوێگەری لە ڕاهێنان و ڕێجیمی خۆراکی نە تەنیا سەرکەوتن بەدی دەهێنێت، بەڵکو بەهێزبوونی جەستەیی زۆر دەبێتە هۆی ئەوەی تەکنیک بگاتە لووتکە و سەرکەوتنەکان هاوڕا بن لەگەڵ تۆپی پێیەکی ڕەوان و هێرشبەرانە.

وێنگێر و هاوکارەکانی چاودێری تەواویان لەسەر گەڵاڵەی ناوەندی ڕاهێنانی یانە لە کۆڵنی لەندەن هەبوو کە لە ساڵی (١٩٩٩) کرایەوە ـ دەگوترێت تەنانەت مۆدێلی قاپەکانی سەر مێزی نانخواردنیش بە چاودێری ڕاهێنەرەکە هەڵبژێردراون ـ ئەم ناوەندە یارمەتی ڕاهێنەرانی دا تا یاریزانەکان لە باشترین دۆخدا ڕابهێنن و کاردانەوەی فیزیکی، زەینی، تاکتیکی و تەکنیکییان بگەیەننە بەرزترین ئاست. زەردەشتی نیچەیش دەڵێت: "مرۆڤ شتێکە کە دەبێت بەسەریدا سەرکەویت" و دەپرسێت: "بۆ سەرکەوتن دەبێت چ بکرێت؟" لە واتای تۆپی پێ، وێنگێر بە دروستکردنی تاقیگەیەکی تۆپی پێ لە لەندەن، بە دوای ڕوانگەیەکی گشتگیری پەروەردەکردنی یاریزانەکان و دروستکردنی ستانداردگەلی نوێوە بوو تا بتوانێت بگاتە باشترین کاردانەوە بۆ چاندنی تووی بانمرۆڤی لە تۆپی پێدا.

کاتێک ئەرسناڵ لە ساڵی (٢٠٠٢) و لە دوو جامدا قارەمانی بەدەست هێنا، وێنگێر هەروەک چۆن شێوەی یاریکردنی یانەکەی بنیاتنابووەوە، خودی یانەکەشی سەرلەنوێ بنیات نایەوە. زۆرێک لە یاریزانە کۆنەکان کە گەیشتبوونە میراتی خۆیان، جیابوونەوە یا ڕۆڵیان بەرتەسکتر کرایەوە، لە کاتێکدا ستانداردی کرینە نوێیەکان باشتر بوو ـ لە هەموویان زیاتر (تیری ئانری)، کەسێک کە وەک گۆشەنشینێک لە (یۆڤەنتوس) ڕوو لە مرین بوو و وێنگێر کردیە باشترین و شاعیرترین

[٩] Alex Fynn and Kevin Whitcher, Arsènal: The Making of a Modern Superclub, Vision Sports, 2008, p. 47

هێرشبەری لیگی باڵاتری بەریتانیا. لە ڕۆژی جێژنی قارەمانیەتی لە (ئیسلینگتون)دا، (دەیڤید سیمن) باسی ئەو گۆڕانانەی کرد کە لە سەردەمی ڕاهێنەری وێنگێر لە چاو سەردەمی (گراهام) ڕوویان دابوو. ئەو بە (دەیڤید فراست)ـی گوت: "ئارسن ڕەهەندێکی نوێی بە ئارسناڵ زیاد کرد، پێویستی نوێی ڕاهێنان، ڕێجیمی ڕاهێنان و ڕێجیمی خۆراکی نوێ و شێوەی باشتر بۆ یاریکردن. خەڵکی چێژ لە شێوەی یاریکردنی ئێمە وەردەگرن و ئێستا بەو شێوەیەی کە یاری دەکەین شەڕی قسە ناخۆشەکەی ئارسناڵی جاڕسکەرمان لەکۆڵ بووەتەوە.[١٠] ئارسناڵی جاڕسکەری جاڕسکەر گۆڕاوە بۆ ئارسناڵی گۆڵکەری گۆڵکەر.

واتای (تۆپی پێی کامڵ) بە گشتی وەک داهێنانێکی هۆڵەندی دەناسرێت، بەڵام هەڵبژاردەی نارنجی پۆش بە هونەرکاری (**یۆهان کرایۆف**) و بە ڕاهێنەری (ڕینۆس میکائلز)، قەت نەیتوانی سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست بهێنێت و یارییە جوانەکەی کامڵ بکات و بیگەیەنێتە لووتکە. سەرەڕای قارەمانیەتی سێ لایەنەی (ئاژاکس) لە ساڵی (١٩٧٢)، ئەفسانەی تۆپی پێی کامڵ هەمووده‌م بۆ چاوەکان دوان بوو، بەڵام بۆ بردنەوەی جامی زانستی واپێنەدەچوو. ئارسناڵی بن دەستی وێنگێر، توانی یارییەکی بێ غەوش و ئازاد و بە پاسی کورت و هێرشبەرانە ئەنجام بدات، بە شێوەیەک کە ڕەخنەگران یارییەکەیان بە شاعیرانە، هەماهەنگ و سەمفۆنیکیانە و تەنانەت ئیرۆتیک لەقەڵەم دا. ئەوان بە قارەمانی لە لیگی باڵا بێ هیچ شکستێک لە وەرزی (٢٠٠٣-٠٤) توانیان بگەنە لووتکە و نازناوی (تێکنەشکێنراوەکان)یان پێ بدرێت. تەنانەت ڕاهێنەری ئەفسانەیی (برین کلۆ)یش بە ڕقەوە پیرۆزبایی لە ئەرسناڵ کرد بۆ سەرکەوتنەکانی و گوتی: "بەو جۆرە تۆپی پێ دەلاوێننەوە و لەمسی دەکەن هەروەک ئەوەی کە من هەمووده‌م ئارەزووی لاواندنەوە و دەستپیاهێنانی مێرلین مۆرنۆ دەکەم"[١١]. یانەکە، چلونۆ یاری لیگی بێشکستی ئەنجام دا، وەها بردنەوە و کەماڵێکی بەردەوام و ئامادەبوون لەم وەرزشە مۆدێرنە بێوێنەیە و کاتێک کە ڕووکاری جوانیناسیانەی شێوەی یارییان وەبەرچاو بگرین، بەهاکەی دەبێتە دوو هێندە. لێرەدا ڕوانگەیەک بۆ وەرزش هەیە کە سوود لە تەکنیک وەرناگیردرێت وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت و ڕوانگەی بەرژەوەندیخوازانە بۆ یاری ڕەت دەکرێتەوە، ڕوانگەیەک کە یاری دەکات تا نەدۆڕێت و سوود لە کاریگەرترین و باشترین کەرستە وەردەگرن تا بگەنە سەرکەوتن. ئارسناڵ بە شێوەیەک یاری دەکات کە وەک ئەوەی بردنەوە تەنیا وەک دیاردەیەکی

---

[١٠] Breakfast with Frost, 12th May 2002

[١١] Quoted in Flynn and Whitcher, p. 47

جوانیناسانه شیاوی بەدەستهێنانە، لایەنگرانیش دەچنەوە سەر ڕێگەکەی وێنگێر و بە دوای قارەمانییەوەن، بەڵام وەک هەم وەک بەرهەمێکی هونەری، یان سەرگەرمی و یان بۆ ئەفراندنی شتێکی نوێش یان تەنانەت بە دوای گەیشتن بە هەستی ڕەچەڵەکی شیفتەبوون و  توانایی.

## تۆپچییە جەحێڵەکان:

وێنگێر پاش گەیشتنە یانەیەکی شکستەخواردوو، بە خێرایی بوون و کرۆکی یانەکەی گۆڕی و لە ڕەفتارکردن لەگەڵ یاریزانە پیرەکان کەمترین سازش و نەرمی نەنواند. ئەم ڕەقبوونەی، وەک ڕادیکاڵترین بڕیاری یانەکە لە سەردەمی پرۆفیسۆر لە هەموو شوێنێک نیشان درا: گواستنەوە لە (ماڵی تۆپی پێ)ـی مێژوویی لە (هایبۆر) بۆ ئیماراتەکەی واتە (ستادیۆمی هێنری) لە نێزیکی (ئیشبرتۆن گرووپ) لە ساڵی (٢٠٠٦)، ستادیۆمە نوێیەکە (زۆر نێزیک بە ستادیۆمە کۆنەکە) ماڵێکە کە تەواو وێنگێر دروستی کردووە، تەنانەت وردەکارییەکانی ستادیۆمەکە وەک مۆدێلی قەفەسەکان و کاشی و خشتەکانی زەوییەکەیش بە وردییەوە لە لایەن ڕاهێنەرەوە کاری لەسەر کرا و دروست کرا.

تەنیا دوو ساڵ لە پاش یاریکردن لە ماڵە نوێیەکە، ئوستوورەیلی وەک (وێرا) و (ئانری) زەوییەکەی (ئیشبۆرن گرووپ)یان جێ هێشت، بەڵام ڕۆحی تۆپی پێی کامڵ بە یاری (تۆپچییە جەحێڵەکان)ـی وێنگێر وەک (سێسک فابرگاس) و (ڕۆبن ڤینپرسی) هێشتا لەوێ ستایش دەکرێت. لەگەڵ ئەوەی کە ئارسناڵ پاش (FA Cup) لە ساڵی (٢٠٠٥) کاسێکی دیکەی نەبردبووەوە، هێشتایش چێژبەخش و ئیلهامدەرانەیە. (ڕاسێل برێند) کۆمیدیەنی بەناوبانگ بەم شێوەیە وەسفی ئارسناڵ دەکات: "ئارسناڵ وەک ژن و مێردێکن کە هێشتایش بە دڵەوە عاشقی یەکترین، ڕەوان، دڵفریودەرانە و بە ئامانجەوە یاری دەکەن، شتێک وەک پەیوەندییەکی یوگایی کە هەموودەم حەزم لێیە وابیر بکەمەوە (ئیستینگ) و (تۆردی ستایلێر)یان پێکەوە هەیە. ئارسناڵ گەیشتووەتە قووڵترین توێی بڕوابەخۆبوون و لێهاتوویی دەوڵەمەندەکانیان قورسایی سەر شانەکانیان کەم کردووەتەوە، ئەوان بە هۆی جوانیناسییەوە ختووکەی کاریگەرییوون دەدەن".[١٢]

واپێدەچێت وێنگێر بە کارکردن لەسەر سێیەمین پێهکاتەی سەرەکی ئارسناڵ، دەبوو بەرگری لەسەر بنەما و فەلسەفەی تۆپی پێیەکەی لەبەرامبەر ڕەخنە جیاوازەکانی هەواداران و دوژمنانی

---

[١٢] Russell Brand, “Watching Arsenal, Thinking of Sting and Trudie,” Guardian Online, 5th January 2008

بکات. ئەوانەی دژی وینگێر و ئەرسناڵ بوون دەڵێن، عەشقی ئەوان بۆ یاری جوان، تواناییەکانیانی بۆ ئەنجامێکی باش پەک خستووە.ـ تەنانەت ئەوان بە هۆی لێدانی گۆڵێکی بێ عەیب و کەموکوڕی، گۆڵە ئاسان و سەداسەدەکانیان لەدەست دەدەن. لایەنگرانیان، سەرەڕای بانگەشەی وەک قسەکانی (متیۆ سید) بەرگری لە ئەرسناڵ و ڕوانگەکەی دەکەن. سید دەڵێت: "خواستی بێبەزەیی و بێگەردی ئارسناڵ بۆ جوانی خۆی شتێکە: سەفەرێکی بوێرانە، حەماسی و نزالێکراو کە ئەم یارییە ئینگلیزییە بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکان کێشاوەتە نێو قەڵەمڕەوی هونەرییەوە." لە بری ئەم هەڵەیە کە تۆپچییە جەحێڵەکان هیچ کاپێکیان بەرز نەکردووەتەوە، (سید) پێداگری لەسەر "ڕێزگرتن لە شتێکی نێو یانەکەی وینگێر، لە سەرکەوتن و شکست زۆر گەورەترە" دەکاتەوە. بە بڕوای ئەو، "ئەم ستایشە فەلسەفییە.. وینگێر ئەوە دەزانێت لەم سەفەرە عاجبایەتییەدا کە ناوی ژیانە، شتەیلێک هەن کە بەهاکەیان لەسەرووی کاریگەریی ڕەهاوەیە".[١٣] ئەوە ڕەتکردنەوەی سوودگەراییە کە یاری ئەرسناڵ دەکێشێتە نێو ڕووباری شاعیرانەوە.

## نەگریس وەک دژە مەسیح:

بە باوەڕی زۆرینە، وەها ڕەفتارێک پەسەند نییە. هەروەک (***نیک هۆرنبی***) لە کتێبی (لووتکە - Penguin, 2000) دەڵێت: "بەشێکی زاتی ئەزموونی ئەرسناڵ ئەمەیە کە ئەوان نەگریسن (لەبەرچاوکەوتوون)." پێشتر لەبەر (چارسکەر)بوونیان نەفرەت و نزایان لێ دەکرا و ئێستایش لەبەر (بیانی)بوونیان. لەو ڕەخنانەی کە هەمیشە لەم ڕاهێنەرە لەدایکبووەی (ئالزاس) دەگیردرێت، شتێکی وەک (بێگانەترسین - Xenophobia)ی تێدا دەبینرێت. وینگێر یەکەم ڕاهێنەری بیانییە یانەیەکی بەریتانی گەیاندووەتە قارەمانی، بەڵام هەر جارەی کە پێکهاتەی یانەکەی گۆڕیوە، ژمارەی یاریزانە بەریتانییەکان کەمتر و کەمتر بوونەتەوە، تا ئەو یارییە بەنێوبانگەی کە ئارسناڵ بە یانزە یاریزانی بیانییەوە هاتە نێو گۆڕەپانی یاری، بۆیەش ڕەخنەی هەڕەشەبوون و وێرانکردن تۆپی پێی بەریتانیای لێ گیرا. بێ وەبەرچاوگرتنی نوێگەرییەکانی بواری ڕێجیمی خۆراکی و ڕاهێنانەکانی کێشانی ماسوولکە کە لە نێو یانە ئینگلیزییەکاندا بە (de rigueur) بەنێوبانگ بوو، لە ڕوانگەی زۆرێکەوە لەدەستدانی یاریزانی بەتوانا لە ئارسناڵ بۆ پێشکەوتنی تواناگەلی بەریتانی و بۆ هەڵبژاردەی خودی بەریتانیا زەرەرمەندە.

---

[١٣] Matthew Syed, “Why Arsène Wenger Should be Proud Rather than Cowed,” The Times, 10th April 2008

کەس بە قەدرا سەرۆکی فیفا (سپ پلاتێر) بە هۆی سنووردارکردنی یاریزانە بیانییەکان لە پێکهاتەی سەرەتایی تیمەکان بە یاسای (شەش بە پێنج) ـ واتە پێویستە شەش یاریزانی خۆماڵی بە پێنجی بیانی بێت ـ پاڵپشتی ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێت بەهای یارییە خۆماڵییەکان بپارێزرێت، سەرنجی ڕانەکێشرا. وێنگێر یەکێک لە ڕەخنەگرانی جددی شەش بە پێنج بوو، ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکردەوە "ئەو کارەی کە دەیانەوێت بیکەن زۆر سیناعی و دەستکردە. بە بڕوای من کوڕیژگەیەک دەتوانێت لە هەر شوێنێکی دونیا گەورە ببێت و ئامانج و خەونی گەورەی هەبێت و پێشیان بگات. ئێمە لێرەین تا ئیزنی ئەو کارەی بدەینێ".[١٤] هەر لەم کاتەدا بوو کە (میشێل پلاتینی) نارەزایەتی خۆی دەربڕی. ئەو دەڵێت: "من حەزم لە سیستەمی وێنگێر نییە." سیستەمێک کە تیایدا مێرمنداڵە بیانییەکان (ئەوانەی بەریتانی نین) دابمەزرێنرێن و ڕابهێنرێن تا بە شێوەی ئەرسناڵ یاری بکەن.[١٥] (کارۆڵ هیتز)ی سەرۆکی (بایرن مۆنیخ)یش بە دووبارەکردنەوەی قسەکانی پلاتینی، (فابریگاس)ـی وەک نمونە هێنایەوە کە وڵاتەکەی خۆی واتە ئیسپانیای لە پانزە ساڵی جێهێشت تا بێتە ئەرسناڵ: "ئارسن وێنگێر ساڵ بە ساڵ دەبێتە شوێنی یاریزانە فەڕنسییەکان و شوێنەکانی تر. ئێمە دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە ئەم مۆدێلی قاچاخی منداڵە پێویستە بوەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسە قەبارەیەکی گەورەتری بە خۆیەوە گرتووە، چیتر کارەکە زۆر دوور نییە لە منداڵدزین."[١٦] وەها دژایەتیگەلێکی توند کە لە شێوەی کاری وێنگێر دەگیردرێت، نیشان دەدات نەفرەتلێکراویەتی ئەرسناڵ هەر بەردەوامە، بەڵام ئەم سیاسەتی یاریزانی جەحێڵی بیانی بە دڵی نیچەیە، چونکە ناسیۆنالیزم لە خواست و هیوای جەحێڵان دوور دەکاتەوە. زەردەشتی نیچە بە پشتکردنە سەرزەوینەکانی باب و باپیران، دەڵێت: "تنها، من تەنیا سەرزەوینی منداڵانم [Kinderland] خۆش دەوێت"، ئەم پەیمانبەستنە لەگەڵ جەحێڵایەتی، ناسین و گەشەی تواناکان بێ گوێدانە پاسپۆرت و گەڕان بە دوای یاریزانانێک کە دەتوانن بە لێزانی و حەز و زەوقەوە یاری بکەن کە ئیلهامبەخشی سیاسەتی ئێستا (تۆپچییە جەحێڵەکان)ـی ئەرسناڵە.

---

[١٤] Quoted in Arsenal: The Magazine, August 2008, p. 75

[١٥] Quoted in John Ley, “Michel Platini Criticizes Arsène Wenger’s Policy,” Daily Telegraph, 31st October 2007

[١٦] quoted in Alan Dawson, “Bayern Chief Accuses Arsenal Boss Wenger of ‘Child-Trafficking’,” Goal.com, 29th April 2009

## (هەوادار - Gooner)ی ئارسناڵبوون:

ناتوانرێت بگوترێت نیچە تەنیا لەبەر وێنگێر دەبێتە هەواداری ئەرسناڵ، ئاخر ڕەنگە مامۆستایەکی زمانناسی، کەسانی دیکەی وەک (ئەورووپاییە باشەکان)یش ببینێت. ئەمە ڕوانگەی هەموو ڕەهەندەکانی یانەکەیە تامی لەسەر زمانی نیچە دەنیشێت. لە کۆتایی وەرزی (٢٠٠٨ - ٠٩)، پرسیاریان لە وێنگێر کرد لەبارەی میراتەکەی لە ئەرسناڵ:

"فەلسەفەیەک هەیە، ئەوشێوەی یاریکردن و فەرهەنگییە ئەوە دیاری دەکات کە چۆن یاری دەکەن. ئێمە هەموویمان هەیە... ئەو شتەی کە زۆر گرنگە پێشکەوتنی یانەکەیە و درێژە بەو پێشکەوتنە بدات. ئەمە بۆ من گەورەترین شانازییە، بۆ هەر ڕاهێنەرێک کە حەزی لە پێشکەوتن هەیە و فەلسەفەی ئەرێنی خۆی هەیە.[١٧]

ئەم نمونەی ئەرێنییە لە ئیرادەی تێکەڵ بە دەسەڵات و، ئەم پرسە کە فەلسەفەیەکی بەرژەوەندیخوازانە و داهاتووبین بووەتە ئیلهامبەخشی یانەیەک بە هەموو پێکهاتەکەیەوە، بە دڵنیاییەوە شتێکە کە وا لە نیچە دەکات ببێتە لایەنگری ئەرسناڵ.

گەر سەرنج بدەینە فەلسەفەی ئارسناڵ، تێدەگەین کە یانەکەی زۆر لە ئوسوڵ و بنەمای نیچەیی نێزیکە. ڕووکار و مەیلی فراوانی نیچە لە چاو بلیمەتەکان، نێزیکییەکی قووڵی لەگەڵ ڕەفتاری ڕاهێنەر و یاریزانەکانی ئێستای ئەرسناڵ هەیە. ڕۆژە بەشکۆکانی ئەرسناڵ پاش چەندین دەیە گەڕاونەتەوە، واتە ئەو کاتەی کە (ڕابێرت چاپمێن/ لە ١٩٢٥ تا کاتی مردنی ١٩٣٤) ڕاهێنەری ئەرسناڵ بوو. چاپمێن یەکەم ڕاهێنەری گەورەی تۆپی بوو، کەسێک کە داهێنانەکانی وەک تۆپی سپی، پرۆجێکتەر و کراسی ژمارەدار، ئیتر ئێستا لە تۆپی پێ جیا ناکرێنەوە. لە وەرزی (١٩٣٠ - ٣١)، چاپمێن دەیویست گۆڵچییەکی نەمسایی بهێنێتە نێو تیمەکەیەوە، بەڵام بەرپرسە باڵاکان پێشیان پێ گرت، چونکە کرێکارێکی بەریتانی لە کار بێبەش دەکرد. کاتێک لایەنێکی یاسایی دۆزییەوە و گۆڵچییەکی ئەڵمانی هێنایە نێو تیمەکەی، فیدراسیۆنی تۆپی پێ و یەکێتی یاریزانان و دەوڵەت لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە هێنانی یاریزانی بیانی (واتە نابەریتانی) یاساغ بکەن.[١٨]

---

[١٧] (Quoted in Chris Harris, “Wenger: The Season Has Not Been a Disaster,” Arsenal.com, 22nd May 2009

[١٨] Simon Page, Herbert Chapman: The First Great Manager, Heroes, 2006, p. 168

چاپمێن زیاتر لەبەر گەلاڵەی سیستەمی (M-W) بەنێوبانگە و فەلسەفەی تۆپی پێیەکەی لەم ڕستەیەدا کورت دەبێتەوە: "هەوادارانی نمایشێکی خێرا، حەز بە هێرشی شمشێری و ڕۆحی کونجکۆڵی و تەنانەت گۆڵی زیاتر دەکەن".[١٩] زۆر ئایسان دەکرێت وەها ڕەستەیەک لە قسەکانی ئەم ڕاهێنەرەی ئێستای ئەرسناڵ بە هەڵە وەربگرین و بە کورتی نیشاندەری تایبەتمەندی سەرەکی شێوەی جوان یاریکردنی ئەرسناڵە.

هیوادارم بەم نووسینە، گفتوگۆ و نێوانی "هەوادارانی دانایی" و "هەوادارانی تۆپی پێ"م باشتر کردبێت. خۆشەویستی یەکێک لەم دووانە دەبێتە هۆی خۆشەویستی بۆ ئەوی تر. زۆر لەمەوپێش یارییەکانی ئارسناڵم دەبینی، کاتێک کە سەردەمی گۆڕینی یانەکە بۆ (بانیانە)م بینیوە، ئەوا ناتوانم بیر لە ڕستە یا مەبەستێکی نیچە نەکەمەوە و هیوادارم ئەم خووە لە مندا واگیردار بێت. نووسینەکانی نیچە بە شێوەیەکن کە بواری شرۆڤەی هەڵەی زۆریان تێدایە -تەنانەت بە ئاقیبەتێکی سیاسی کارەساتبار - بەلاّم من لەو بڕوایەدام کە ئەم جۆرە یاریکردنە لەگەڵ نیچە، لەگەڵ ڕۆحیدا وێک دێتەوە.

ڕێک وەک زۆرێک کە بانگەشەی ئەوەیان کردووە پاش مەرگ لەگەڵ فەیلەسووفێک دۆستایەتییان بەستووە، هەموو هەوڵی من لێرەدا ئەوە بووە کارێک بکەم تا وەک هاوڕێیەک ببێتە هەوادارییانە خۆشەویستەکەم. تەنها دەبێت ددانی پێدا بنێم کە بەر لە وێنگێر، زۆر چێژم لە (ئارسناڵی جاڕەسکەر) وەردەگرت و دەشزانم ئەم حەز و خۆشەویستییەم پاش سەردەمی وێنگێریش هەر درێژەی دەبێت، بەلاّم بە دیتنی ئەم فەلسەفەی یارییەی کە یانەکە پێک دەهێنێت، تێگەیشتووم کە درکێکی زیاترم بۆ تۆپی پێ لا دروست بووە هەروەک چۆن بە خوێندنەوەی نیچە درکێکی زۆر باشترم لە ژیان لا دروست بوو و ئامانجم ئەوەیە ئەم دوو حەز و خولیا و خۆشەویستییە دە یەکتری موتووربە بکەم.

Quoted in Arsenal: The Magazine, July 2009, p. 72[١٩]